# ئەی خەڵکینە، وریا وئاگاداری زیادەڕەوی وسنوور تێپەڕاندن بن لە ئایندا، هۆکاری تیاچوونی ئەوانەی پێش ئێوە ؛ زیادەڕەوی کردن بوو لە ئایندا

لە ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- سەر لەبەیانی عەقەبە بەسەر وشترەکەیەوە ؛ پێمی فەرموو: «بەردم بۆ هەڵبگرە (بیهێنە بۆم)»، منیش حەوت بەردی بچووکم بۆ هێنا، لە بەردی پەلەپیتکەن ، لەنێو دەستیدا هەڵیدەگێڕانەوە وفەرمووی: «با وەکو ئەمانە بێت (ئەو بەردانەی) دەیهاوێژن»، پاشان فەرمووی: «ئەی خەڵکینە، وریا وئاگاداری زیادەڕەوی وسنوور تێپەڕاندن بن لە ئایندا، هۆکاری تیاچوونی ئەوانەی پێش ئێوە ؛ زیادەڕەوی کردن بوو لە ئایندا».
[سەحیح - ڕاست)] [(ابن ماجه والنسائي وأحمد) ڕیوایەتیان کردووە)]

ئیبن عەباس -ڕەزای خوایان لێبێت- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە لە ڕۆژی قوربانی ئەو لەگەڵ پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- سەر لەبەیانی ڕۆژی هاویشتنی بەردەکان لە عەقەبە لە حەجی ماڵئاواییدا، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانپێکرد بەوەی بەردی بۆ بهێنێت بۆ هاویشتن، ئەویش حەوت بەردی هێنا، هەردانەیەکیان بەقەد دەنکە نۆکێك یان بوندوقێك دەبوو، -صلى الله عليه وسلم- بەردەکانی لەنێو دەستی دانا پاشان جوڵاندنی، وفەرمووی: لە قەبارەدا با وەکو ئەمانە بێت ئەو بەردانەی دەیهاوێژن. پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هۆشداریانی کردەوە لە زیادەڕەوی وتوندەڕەوی وتێپەڕاندنی سنوورەکان لە بابەتەکانی ئاین، ئەوەی بووە هۆی تیاچوونی ئومەتانی پێشوو بریتی بوو لە تێپەڕاندنی سنوورەکان وزیادەڕەوی وتوندڕەوی لە ئایندا

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3395

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee